

# پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی کاراتێی کوردستان بوو

وەك بەرنامەی ساڵانە و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری کاراتێ لە کوردستان، لە شاری سلێمانی و لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندیی کاراتێی کوردستان و بەهاوکاری لقی سلێمانی یەکێتییەکە، پاڵەوانێتی کاراتێی یانەکانی کوردستان بە بەشداری ١٤یانەی هەریەك لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك بۆئاستی تازەپێگەیشتوان ئەنجامدرا، لە پاڵەوانێتیەکەدا یاریزانانی بەشداربوو توانیان ئاستێکی بەرزی یاری کاراتێ پێشکەش بکەن و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە بکەن، جێگەی ئاماژە پێکردنە ژمارەیەك لە یانەکان لە پاڵەوانێتیەکە کشانەوە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی
٢-یانەی خاك
٣-یانەی دهۆك



## خولێک بۆ گۆڵپ



■ نیان یاسین یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق کە ماوەیەکی زۆرە لە خزمەتی وەرزش دایە لەشاری سلێمانی، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی شاری سلێمانییەو قوتابی قۆناغی ٣ی زانکۆی سلێمانییە لە پەروەردەی وەرزشی، بۆچەندین یاری شاری سلێمانی یاریکردووە، لەڕیزی هەڵبژاردەی عێراقیش خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، ئەمساڵیش بەپێی گرێبەستێك هاتۆتە ڕیزی یانەی برایەتی شاری هەولێر، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■

***چۆن بوو، هاتیە نێو دنیای یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

-من هەر لەمنداڵیەوە حەزم بە وەرزش کردن بوو، دەستم بە یاری گۆڕەپان و مەیدان کرد، بەڵام چەند کەسێك هاوکارم بوون کە بێمە نێو بواری وەرزشەوە، خۆشم خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆئەم یارییە. تاکە کەسیش باوکم بوو کەپشتگیری بەردەوامی کردم.

***بۆچی دواتر یاری پاسکیل سواریت هەڵبژارد؟**

-من سەرەتا لە هەریەك لە یانەکانی کەمال سەلیم و یانەی نەورۆز یاریم دەکرد، دواتر زانیم کە ئەم بەهرەم تێدایە لە یاری پاسکیل سواریدا ئەنجامم دەبێت، بۆیە ڕاستەوخۆ بە یارمەتی چەند کەسێکی خۆشەویست توانیم بێمە ئەو یارییەو خۆشبەختانەش ئەنجامم باش بوو.

***ئەی ئەم یارییە لە سلێمانی لە چ ئاستێکدا؟**

- لە شاری سلێمانی کە تەنیا یانەیەکی پاسکیل سواری هەیە ئەویش یانەی نەورۆزە کە بناغەکەی لەسەر دەستی من دروست بووە، ئەم یانەیە لە یاری پاسکیل سواری بە ڕادەیەکی باش خزمەتی یاریزانەکان دەکات، بەهەمان شێوە ڕاهێنەرەکەش

# نیان یاسین: بناغەی پاسکیل سواری ی



دیمانە: کارزان کانەبی

## ـــــــارێزانی سلێمانی

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی گۆڵپارێزەکانی شاری سلێمانی و بەرزکردنەوەی ئاستیان، لقی سلێمانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بەهاوکاری سکۆلی پەروەردەی وەرزشی بۆماوەی دوو ڕۆژ خولێکی بەهێزکردنی بۆ ڕاهێنەرانی گۆڵچیەکانی سنووری شاری سلێمانی کردەوە، وانەکانیش ڕۆژانە لەلایەن وانەبێژ (دیار کەمال ئەسعەد)مامۆستای زانکۆ و ڕاهێنەری گۆڵپارێز دەگوترایەوە، خولەکەش بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکیتکی بەڕێوەچوو، کە بۆهەر لایەنێك ماوەی ٤ کاتژمێر وانەکان دەگوترانەوە، لە خولەکەشدا چەندین زانیاری تازە لە کاری گۆڵپارێزی لەخۆ گرتبوو بەتایبەتی لە بابەتەکانی تەکنیك و تەکتیك و زانستی مەشقکردن بوو.



## لە تێنسی سەرمێز کوڕانی برایەتی و کچانی شەقڵاوە پاڵەوان بوون

لە شاری هەولێر لە هۆڵی سەنتەری بلو بە سەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی تێنسی سەرمێزی عێراق و بەهاوکاری لقی هەولێری یەکێتیەکە، قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی عێراق بۆ هەردوو ئاستی کوڕان و کچان ئەنجامدرا، لە ئاستی کوڕان ١٤تیپی یانەکانی شارەکانی عێراق بەشداربوون و لە ئاستی کچانیش ٦ یانە ڕکابەریان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی قۆناغی یەکەم، لە خولەکەشدا کوڕان و کچانی یانەکانی بەشداربوو توانیان ئاستێکی بەرزی یاری تێنسی سەرمێز پێشکەش بکەن، ئەنجامی کۆتایی قۆناغی یەکەمیش بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان

١-یانەی شەقڵاوە

٢-یانەی نەجەف

٣-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

ئاستی کوڕان

١-یانەی برایەتی

٢-یانەی هەڵەبجە

٣-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی



سیروان سامی پشتگیریەکی تەوای یاریزانەکان دەکات بۆ بەردەوام بوونیان لە وەرزش کردن و بەرزکردنەوەی ناوی سلێمانی.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-پێم باشە یانەکان بناغەی پێگەیاندنی یاریزانان لە ئاستەکانی تەمەن دروست بکەن و یانەکانیش خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکەن، لایەنی پێوەندیداریش زیاتر خزمەتی ئەم یارییە بکەن، پێدوایستیەکان دابین بکرێ بۆئەم یارییە.

***ئەنجامە باشەکانت چین وەکو یاریزان؟**

- من لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ لەم یارییە وەکو یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق دەرکەوتم، یەکەم بەشداریشم لە پاڵەوانییەتی عەرەبی بوو لە وڵاتی میسر کە پلەی پێنجەمم بەدەستهێنا لەسەر ئاستی ١٠وڵات، لە ساڵی ٢٠٠٧پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی عێراق بەدەستهێنا لە هەمان ساڵدا بەشداریم کرد لە دوو پاڵەوانێتی ئەنجامی باشم هێنا، لەسوریاش پلەی چوارەمم بەدەستهێنا لە پاڵەوانێتی عەرەب، لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩پلەی یەکەمی عێراقم بەدەستهێنا، هەر لە سوریا پلەی چوارەمم بەدەستهێنا، لە پاڵەوانێتی خەڵاتی گەورەی یانەکانی عێراقی لەبەغدا پلەی یەکەمم بەدەستهێنا ٤ میدالیای زێڕم بەدەستهێنا، لە ساڵی ٢٠١٠ یەکەمی عێراق بووم، بەشداری چوار پاڵەوانیتم کرد لە ئێران و لوبنان و میسر ئەنجامی باشم هێنا، ساڵی ٢٠١١و٢٠١٢و لە ئیماراتیش بەشداری پاڵەوانێیتەکەم کرد توانیم ٢مەدلیای زێڕ بەدەست بهێنم، ئەمساڵیش جامی یەکەمی عێراقم بەدەستهێنا.

*** لەئێستادا بەرنامەت چیە وەکو یاریزانێك؟**

-لە ئێستادا وەکو یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق بەرنامەی تەواوم هەیە بۆخۆئامادەکردن بۆپاڵەوانێیتەکانی دەرەوەی عێراق کە پاڵەوانێتی عەرەبی لە ئەردەن ئەنجام دەدرێت.

***کێشەو گرفتان چیە لەم یارییە؟**

-ئێمە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، بەڵام مەشقەکانمان لەسەر شەقامەکانە، ئەوەش کێشەیە بۆ یاریزانان کە زۆر جار ڕەنگە تووشی کێشە بین.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بتوانم باشترین ئەنجام بەدەستهبێنم و ئاڵای وڵاتەکەم لە وڵاتانی جیهان بدرەوشێنمەوەو ناوی کوردستان بەرزکەمەوە.

***چۆن بوو بڕیارت دا یاری بۆیانەی برایەتی بکەی؟**

-من وەکو یاریزانێك بۆماوەی یەك وەرز گرێبەستم لەگەڵ یانەی برایەتی هەیە، دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەشم هیچ بڕیارێکم نەداوە کە لەگەڵ برایەتی بمێنمەوە یان نا.

***کێشەت بۆدروست نابی تۆ خەڵکی سلێمانی لەهەولێر وەرزش دەکەی؟**

-نەخێر بەسوپاسەوە یانەی برایەتی و یاریزانان و ڕاهێنەرانی یانەکە زۆر هاوکاریم دەکەن، سوپاسیان دەکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست بەهیوای ئەوەم بتوانم باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم.



## ـــــــانەی نەورۆز لەسەر دەستی من دروست بووە



# ئەنێستا :
# گرنگ ئەوەیە دڵی گەلەکەمان شادکرد

ئەســتێرەی هێلی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە ئەندرێس ئەنێســتا دووپاتیکردەوە کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی مێژوو دروســت بکات کاتێك نازناوی یۆرۆی ٢٠١٢ ی بەدەســت هێنا بەڵام لەوە گرنگتر ئەوە بوو کە یاریزانانی ئیســپانیا دڵی گەلەکەیان شاد لەو بارودۆخە داراییە خراپەی کە ئیسپانیا پێیدا تێدەپەڕێت، یاریزان ئەنێستا کە بەباشــترین یاریزانی یۆرۆ دەست نیشــانکرا لە لایەن ئەنجومەنی شارەوانی شاری ئەلباسیتی پێشوازی لێکرا کە شاری لەدایك بوونیەتی و ڕێزی لێگیرا و تابلۆیەکی یادگاری پێشکەشــکرا کە گوزارشــت لە دەسکەوتەکانی ئەنێســتا دەکات، ئەنێستا لەبەردەم زیاتر لە ٣٠٠ کەس خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی : ئێمەی یاریزانانی ئیسپانیا نموونەی ئەفسانە و مێژووین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بە خۆشی بکات نەك لەبەر ئەوەی مێژووی دروســت کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دڵی گەلێکی شادکرد کە بە بارودۆخێکی خەراپ تێدەپەڕێت. ئەنێستا هیوای ئەوەی خواست کە یاریزانێکی ئیسپانی خەڵاتی تۆپی زێڕینی باشــترین یاریزانی جیهان وەربگرێت لە ســاڵی ٢٠١٢ . هەڵبژاردەی ئیســپانیا دەســکەوتێکی مێژوویی تۆمارکرد لە بەدەســتهێنانی جامی یۆرۆی ٢٠١٢ دوای سەرکەوتنی بەسەر هەڵبژاردەی ئیتالیا بە چوار گۆڵی بــێ بەرامبەر و بووە یەکەم هەڵبژاردە لە مێژوو کە ســێ پاڵەوانیەتی جیهانی لەســەر یەك بەدەست دەهێنێت کە بریتی بوون لــە یۆرۆی ٢٠٠٨ و مۆندیالی ٢٠١٠ و یۆرۆی ٢٠١٢.

# ئەگەری گەڕانەوەی ئەبیدال لە ئارادیە

دوای ئەوەی یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی فەرەنسا ئەریك ئەبیدال تووشــی نەخۆشی شێرپەنجەی جگەر هات و نەشــتەرگەری چاندنی جگەری ئامۆزاکەی بۆ ئەنجامدرا و ماوەی چەند مانگێکە لە ژێر چاودێری پزیشــکی دایــە، هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی فەرەنسا تووشی دڵەڕاوکێ هاتوون و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کــە نەتوانێت جارێکی دیکە یــاری بکاتەوە، بەڵام پزیشکێکی ئیســپانی تروســکەیەکی هیوای بە ئەبیدال و هاندەرانی دا کــە ئەگەری ئەوە لە ئارادایــە جارێکی دیکە یاری بکاتەوە، خوان کارلۆس پزیشــکی یاریزان ئەریك ئەبیدال لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی تی ڤی ٣ی ئیسپانی گوتی : بە دووری نازانم ئەبیدال بگەڕێتەوە یاریکردن بەڵام ئەم کارە لەســەر خودی یاریزانەکە دەوەستێت . هەروەها کارلۆس گوتی : نەخۆشــێك کە ئەم جۆرە نەشتەرگەرییەی بۆ ئەنجام دەدرێت دوای ماوەیــەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانــی وەرزش بە پێی توانای خــۆی، وابزانم ئەبیدال ئەو توانایەی هەیــە بەڵام دەبێ ئاگاداربین و پەلە نەکرێت، ئەبیدال کەســێکی ژیرە و لە ئاستی لێپرسینەوەیە، کاتێك بەرشلۆنە جامی شای ئیسپانیای بردەوە، لە ژوورەکەی خۆی درێسی یانەکەی بەرزکردەوە، ئەو کات زانیم کە ئەبیدال چەند بەرشلۆنە و تۆپی پێی خۆش دەوێت.





# نرخی کاڤانی تەنیا ١٠٠ ملیۆن یۆرۆیە

یانــەی ناپۆلی ئیتالی ڕایگەیاند ئامادەیە یاریزانی ئۆروگوایی ئەدینســۆن کاڤانی بفرۆشــێت لە گواســتنەوەی هاوینەدا بە نرخی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ، یاریــزان کاڤانی گۆڵکەرێکی بە توانای خولی ئیتالیا و یانەی ناپۆلییە بۆیە بۆتە ئامانجی یانە گەورەکانی ئەوروپا وەك یانەکانی چێلسی ئینگلیزی و پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و یۆڤانتسی ئیتالی .

سەرۆکی یانەی ناپۆلی ئۆرۆلیۆ دی لۆرانتیس لە لێدوانێدا بۆ کەناڵی سکای سپۆرت وتی : زیاتر لە جارێك وتومانە کە یاریزان کاڤانی بۆ فرۆشتن نییە، بەڵام ئەگەر یانەیەك ١٠٠ ملیۆن یۆرۆی وەك نرخێك بۆ یاریزان کاڤانی پێشکەش کردین ئەو کات دەست بەرداری ئەو یاریزانە دەبین .

هەروەها ســەرۆکی یانەی ناپۆلی گوتی : من پێم وایە کە کاڤانی شایســتەی نرخی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆیە، من بە کەمتر لەم نرخە دەست بەرداری کاڤانی نابم .

# دانیال ئەلڤێس: بۆ دەنگیی بەرشلۆنە تووڕەی کردم



یاریزانی هێلی بەرگری بەرازیلی دانیال ئەلڤێس نارەزایی خۆی دەربڕی لە بێ دەنگیی یانەی بەرشلۆنە لە بەرامبەر ئەو هەواڵانەی کە باسی رۆیشتنی دەکرد و کاردانەوەکەی بە نەگەتیڤانە وەسفکرد، هەندێك لە رۆژنامەکان هەواڵی نزیکبونەوەی رۆیشتنی یاریزان ئەلڤێس لە یانەی بەرشلۆنە بڵاوکردەوە چونکە ناکۆکی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی هەیە، ئەلڤێس لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەم هەولانەی رەتکردەوە و گوتی : من لە بەرشلۆنە دەمێنمەوە، بەڵام کاردانەوەی یانەی بەرشلۆنە سەبارەت بەم هەواڵانە نەگیتیڤانە بوو، بەراستی بێ ئومێدی کردم، هیچ کەسێك بە دیارنەکەوت بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە رەت بکەنەوە وەك ئەوەی من یاریزانی ئەم تیپە نەبم .

هەروەها ئەلڤێس گوتی : هەوڵ دەدەم رەزامەندی و متمانەی هاندەرانی بەرشلۆنە وەربگرمەوە کە پێیان وایە ئاستم هاتۆتە خوارەوە چونکە هیوای سەرکەوتن ماوە، من نامەوێ رۆژێك بەرشلۆنە بەجێبهێلم و لە دوای من بلێن هیچی پێشکەش بە یانەکە نەکردووە .

لە لایەکی دیکەوە دانیال ئەلڤێس جارێکی دیکە ستایشی ئاستی یاریزان لیۆنیل میسی کردەوە و بە باشترین یاریزانی جیهانی دانا و دووپاتیکردەوە کە میسی لەگەڵ هیچ یاریزانێك بەراورد ناکرێت و هیوای ئەوەی خواست یاریزانی بەرازیلی نیمار داسیلڤا پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنە بکات و گوتی : هیوادارم نیمار لەگەڵمان بێت لە یانەی بەرشلۆنە، دەمەوێ میسی و نیمار بەیەکەوە لە هێلی هێرشبەری بەرشلۆنە ببینم.



# مانچستەر سیتی مووچەی دێڤید سیلڤا بەرزدەکاتەوە

یانەی مانچستەر سیتی مەترسی ئەوەی هەیە کەیانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت بۆ مۆرکردنی بۆندێك لەگەڵ ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا دێڤید سیلڤا کە ماوەیەکە یانەی شاهانە چاودێری دەکات و هەوڵی کڕینەوەی دەدات، یانەی مانچستەر سیتی بۆ رێگەگرتن لەبەردەم هەوڵەکانی یانەی ریال مەدرید بە نیازە بۆندەکەی یاریزان سیلڤا درێژبکاتەوە و مووچەکەی زیاد بکات، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی مانچستەر سیتی بۆندێکی تازەی ئامادەکردووە بۆ دێڤید سیلڤا ئامادەکردووە بۆ ماوەی ٤ تا ٥ ساڵ و بە مووچەی ١٩٠ هەزار پاوەند لە هەفتەیەکدا، ئەم بۆندە تازەیەش لە دوای گەڕانەوەی سیلڤا لە پشووەکەی بە فەرمی رادەگەیەنرێت .

بە پێی راپۆرتی رۆژنامەکان و دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانیا بەم بۆندە تازەیە یاریزان دێڤید سیلڤا دێتە ریزی ئەو یاریزانانە کە زۆرترین مووچە لە خولی ئینگلتەرا وەردەگرن وەك یاریزانی ئەرژەنتینی کارلۆس تیڤیز و یاریزانی ئیڤواری یایا تۆرێ . لەلایەن خۆیەوە یاریزان دێڤید سیلڤا پێشتر رایگەیاندبوو کەئەو دەزانێت یانەی مانچستەر سیتی دەیەوێ لە تیپەکەیان بەردەوام بێت، سیلڤا گوتی : من دەزانم یانەی مانچستەر سیتی هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە گەڵیان بەردەوام بم و بۆندێکی تازەیان پێشکەش کردم لە کۆتایی وەرزی رابردوو، من ئێستا هێمنم و دەمەوێ بەردەوام بم، من لەو کاتەی یانەی ڤالانسیام جێهێشت هەوڵ دەدەم باشترین ئاست لە خولی ئینگلتەرا پێشکەش بکەم و نازناوەکە ببەمەوە .

## پێشمەرگە

لە هۆڵی پێشمەرگە یاری کۆتایی خولی باڵەی یانە بژاردەکانی کوردستان لەنێوان هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەولێر بەڕێوەچوو، پێش ئەم یارییە کە یانەی پێشمەرگە نازناوەکەی لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی کردبۆوە و یانەی هەولێریش پلەی دووەمی مسۆگەر کردبوو بۆیە ئەم یارییە زیاتر وەك یاری دۆستانە وابوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە یارییەکە بە ئاستی بەرزی یاریزانانی هەردوو یانە دەستی پێکرد، گێمی یەکەم یاریزانانی یانەی پێشمەرگە باشتر یارییان کردو توانیان ئەم گێمە بە (٢٥، ١٨) خاڵ لە بەرژەوەندیی خۆیان کۆتایی پێبهێنن، گێمی دووەم لە سەرەتاوە یانەی پێشمەرگە باشتر یاری کردو توانی تاڕادەیەکی زۆر لە خاڵدا

## یانەی سلێمانی





## هەڵبژاردەی شەترەنجی هەولێر بووە پاڵەوانی هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق

لە شاری بەغداد پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق بۆ شەترەنج بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتیەدا ١٩ هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق بەشداری تێدا کردبوو و هەروەها ١١٤ یاریزان نوێنەرایەتی ئەم یانانەیان دەکرد لەم پاڵەوانێتیە.

بۆ جاری دووەم لەسەر یەکدی هەڵبژاردەی هەولێر توانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە بۆخۆی مسۆگەر بکات و پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی توانی (١٢) خاڵ کۆبکاتەوە و هەڵبژاردەی بەغداد پلەی دووەمی بەدەستهێنا دوای ئەوەی (١١) خاڵی کۆکردووە و هەڵبژاردەی سلێمانی پلەی سێیەمی بە دەستهێنا بە کۆکردنەوەی (١٠) خاڵ.

دوای تەواوبوونی پاڵەوانێتیەکە دە یاریزان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کران و هەروەها بەفەرمی هەردوو هەڵبژاردەی هەولێر و بەغداد نوێنەرایەتی عێراق لە پاڵەوانێتی ئۆلۆمپیادی شارەکانی ئاسیا و عەرەبی دەکەن.

## ئینتەر میلان ئەکادیمیای تۆپی پێ لە هەولێر دەک



سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان ڕایگەیاند کە لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان ڕێککەوتن بۆ کردنەوەی ئەکادیمیای یانەی ئینتەر میلان لە تۆپی پێ بۆ منداڵانی کورد لە شاری هەولێر.

سەفین کانەبی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە میلانۆ گوتی: «ڕۆژی دووشەممە لە بارەگای ئەکادیمیای یانەی ئینتەر میلان ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ یانەی ئینەر ئیمزا کرد بە مەبەستی کردنەوەی ئەکادیمیای تۆپی پێی یانەکە لە هەولێر، کە ئامانج تێیدا پێگەیاندنی یاریزانی کوردە بۆ داهاتووی تۆپی پێی کوردستان».

هەروەها گوتوویەتی: «بە پێی ڕێککەوتنەکە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەکادیمیای ئینتەر تەواوی پێداویستییەکانی ئەکادیمیاکە لە کوردستان بە نووسراوێك ئاراستەی ئێمە دەکەن و ئێمەش هەوڵ دەدەین بەهاوکاریی حکومەتی کوردستان دابینی بکەین و لە ئاییندەیەکی نزیکدا هەوڵ دەدەین ئەکادیمیای ئینتەر لە هەولێر بکەینەوە.

کانەبی بەبێ ئەوەی وردەکاریی زیاتر ئاشکرا بکات، ئاماژەی بەوە دا کردنەوەی ئەکادیمیای ئینتەر میلان لە کوردستان هەنگاوێکی زۆر گرنگ و کردەییە بۆ پێشخستنی تۆپی پێی کوردستان و پێگەیاندنی یاریزانی کورد.

سەفین کانەبی گوتی: سوپاسی یاریزانی پێشووی یانەی ئارارات (سەروان لوقمان بارزانی) دەکەین کە توانی ئەو پێوەندییە بۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان دروست بکات و کردنەوەی ئەو ئەکادیمیایەی لێ بەرهەم هات.

جێی باسە هەفتەی پێشوو بەڕێوەبەری تەکنیکی لە ئەکادیمیای ئینتەر میلان مارکۆ ئەنجیلۆ مۆنتی سەردانێکی دوو ڕۆژەی بۆ هەولێر کرد بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کردنەوەی ئەکادیمیای ئینتەر لە هەولێر.

لەلای خۆیەوە و یبسایتی فەرمیی یانەی ئینتەر میلانیش هەواڵی ئەنجامدانی ئەو گرێبەستەی بە گرنگییەوە بڵاو کردۆتەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوان لەڕێی ئەو ئەکادیمیایەوە دەرگایەکی گەورەیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ کراوەتەوە و لەمەولا

## ـــــەی سلێمانی پێنجەم جامی لە سەر یەکی خولی باڵەی بەرزکردەوە



پێشڕەوی بکات، بەڵام هەر زوو یانەی هەولێر ڕیزەکانی ڕێکخستەوەو بەهۆی لێهاتوویی هێڵی هێرشبەریانەوە ئەنجامەکەیان یەکسان کردەوە، بەڵام لە دواساتدا تووشی شکست هاتن بە ئەنجامی (٢٩، ٢٧) خاڵ، گێمی سێیەم یانەی هەولێر هەوڵی گەڕانەوەی دا، بەڵام بەهێزی یانەی پێشمەرگە ڕێگر بوو لەمەو دواجار یانەی پێشمەرگە ئەم گێمەشی بە ئەنجامی (٢٥، ٢١) خاڵ بردەوە و یارییەکەی بە (٣) گێمی بێبەرامبەر لە سوودی خۆی کۆتایی پێهێنا، دواتر لە مەراسمێکدا میوانەکان خەڵاتی یانەکانی یەکەم تا سێیەمی خولەکەیان کرد بەمەش یانەی پێشمەرگە توانی بۆ پێنجەم جار لەسەر یەك ببێتە پاڵەوانی کوردستان لە یاری باڵە.

## بۆ قۆناغی کۆتایی خولی نایابی عێراق بۆ تۆپی پێ سەرکەوت



هەفتەی ڕابردوو یارییەکانی پاڵاوتن بۆ خولی بژاردەی عێراق کۆمەڵەی باشوور تەواو بوو، کە تیایدا یانەی سلێمانی شانبەشانی یانەی موسڵ توانیان سەرکەون بۆ قۆناغی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە، دوای ئەوەی لە کۆمەڵەی خۆیان توانیان پلەی یەکەم و دووەم بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

کۆمەڵەی سلێمانی لە یانەکانی (موسڵ، ئەنبار، سامەرا، غاز شمال) پێکهاتبوون.

دوای تەواوبوونی یارییەکانی ئەم قۆناغە لە کۆمەڵەی باکوور دوو یانە و لە کۆمەڵەی باشوور دوو یانە و لە کۆمەڵەی ناوەڕاستی عێراق دوو یانە سەردەکەون بۆ قۆناغی کۆتایی، ئەم شەش یانەیە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن، لە هەر کۆمەڵێك یەك یانە بۆ خولی بژاردەی عێراق بۆ وەرزی داهاتوو سەردەکەوێت.

## ـــــاتەوە

ئینتەر میلان پێگەی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزتر دەکات.

هەروەها باسی ئەوەیان کردووە کە وەکو یەکەم یانەی ئەورووپا لە کوردستان و عێراقدا ئەکادیمیا دەکەنەوە و هەنگاوێکی گرنگە.

لەلای خۆیەوە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکیەتیی تۆپی پێی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئینتەر میلان inter channel گوتوویەتی: دەمەوێ سوپاسی یانەی ئینتەر میلان و ئەکادیمیاکەی بکەم کە هەنگاوێکی گرنگ لە کوردستان دەهاوێژن بە کردنەوەی ئەکادیمیا، ئێمە شانازی بەو کارە دەکەین و دڵنیاین لە کوردستاندا سەرکەوتوو دەبێت».

سەفین کانەبی هەروەها گوتوویەتی: گەنجانی ئێمە زۆر حەزیان لە تۆپی پێیە، بەڵام بە تەنیا حەز بەس نییە، بەڵکو ئەکادیمیای ئینتەرمیلان یارمەتی گەنجانی ئێمە دەدات بە شێوەیەکی زانستی لە بواری تۆپی پێدا پێشکەون.



## کچانی سۆلاف پاڵەوانی کەرکوکن لە تایکواندۆ

بەسەرپەرشتی لقی کەرکووکی یەکێتی تایکۆاندۆ ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧/١٩ لە یانەی ئەرمەن کۆتایی بە پاڵەوانێتی تایکواندۆی کچانی یانەکانی کەرکوك هات کە تێدا هەریەك لە یانەکانی (سۆلاف، فەتاتی کەرکوك و خاك، کەیوان، سۆلافی نوێ) بەشداربوون و ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتیەکە بەم شێوەیە بوو:

**لەسەر ئاستی پێشکەوتوان:**

١- یانەی سۆلاف ٢١ خاڵ، ٢- یانەی کەیوان ١٦ خاڵ، ٣-یانەی خاك ١١ خاڵ

**لەسەر ئاستی لاوان:**

١- یانەی فەتاتی کەرکوك ٢٧خاڵ، ٢-یانەی خاك ١٨ خاڵ، ٣-یانەی سۆلافی نوێ ١٤ خاڵ